
# دوکتۆر چیگڤارا

## Ernesto "che" Guevara




**نووسینی: ماگنووس کارلسۆن**

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین

### پێشکەشە: بە یادی چل ساڵ تێپەڕبوون بەسەر شەهید بوونی چیگڤار دا

ئەفسەر ماریو تێران (Mario Terán) خۆبەخشانە خۆی ناونووس کرد، ئەو دەیویست تۆڵەی چەند هاورێیەکی بکاتەوە، کە کوژرا بوون. بە پەشۆکاویەوە لە نزیک ئەو قوتابخانە سادەیەی کە دەکەوتە لاهیگویرا، کە چەند بوتڵە ویسکیەکی لێ فرێدرابوو، چاوەڕوانی دەکرد. بەرپرسەکەی ، فلیکس ڕۆدریگوێز، بەسەر ڕاوەشاندنێک، ئەمری پێکرد کە دەست بەبکار بێت.

تۆرین، بەرەو تاریکایەکە ڕۆیشت. تەماشای ئەو پیاوەی کرد کە دانیشتبوو و قاچەکانی بەیەکەوە نوساندبوو. ئەم پیاوە بەشێکی زۆری ژیانی لە ناو جەنگەڵدا بەسەر بردبوو: پیس و پۆخڵ و ڕیش هاتوو و قژێکی درێژ.

کاتێک تاریکایەکە پاش کەمێک ڕوناک بووەوە پیاوەکە وتی:" من دەزانم تۆ بۆ ئەوە هاتوی کە بمکوژیت". ئەو وشانە وایان لە تۆرین کرد لەپرێکدا دوودڵ بێت و چەند هەنگاوێک بکشێتەوە، دوای ئەوە پیاوەکە بەدەنگێکی مێرانەوە وتی: " بم کوژە، ترسنۆک، تۆ تەنها مرۆڤێک دەکوژیت."

تۆرێن، بە تفەنگە ئۆتۆماتیکیە M-2یەکەی مشتی لێگرتەوە و چاوی نوقاند و تەقاندی. لاشەکە کەوتە سەر زەوی. لاشەکە ئەلەریەوە. لێی چووە پێشەوە و چەند گوللەیەکی تری پێوەنا، هەموو شت ئارام بووەوە.

تۆرین بە ڕەنگ هەڵپروزکاوی و شڵەژاوییەوە، هاتە دەرەوە. دوو کەس لە هاورێکانی کارلۆس پێریز و پریڤاتا کابریرۆ، چوونە ژوورەوە و هەریەکە و گوللەیەکیان بە لاشە بێگیانەکەوە نا. ئەوە وەکو تۆڵەکردنەوەیەک وابوو بۆیان.

کەمێک لە سەعات سێ لای دابوو و ڕۆژی یەکشەمەی 9 ی ئۆکتۆبەری 1967 بوو، ڕوداوەکە لە ڕۆژهەلآتی بۆلیڤیا ڕویدا.

لاشەی بێگیانی کابرایان هێنایە دەرەوە و بە دەستەبەرەیەکەوە بەستیانەوە و ئەویشیان بە پایەی هەلکۆپتەرێکەوە بەستەوە کە بەخێرای بەرەو نزیکترین

جێگا، ڤالیگراندا،کەوتە ڕێگا.
کە هەلیکۆپتەرەکە نیشتەوە جەنازەکەیان برد بۆ خەستەخانەی (Nuestro Señor de Malta) قەشەیەکی ژن، سوسانا ئۆسیناگا، جلەکانی لەبەر جەنازەکە داکەند؛ قەمسەڵەیەک و پانتۆڵێک، کڵاوێکی ڕەش کە ئەستێرەیەکی سووری پێوە دورابوو، سێ جوت گۆرەوی و جلی ژێرەوە. لاشەکەیان شت و قژیان داهێنا و قاتێک بیجامەی خەستەخانەیان لە بەرکرد.
ڕیشیان بۆ جوان کرد. مەبەست لەم کارانە ئەوە بوو کە جەنازەکە جوان بکەن. ئەویش بۆ ئەوەی کەس گومانی نەمێنێت لەوەی کە ئەو جەنازەیە کێیە. جەنازەکەیان لە بەشی شتنی خەستەخانەک دانا.
ئاگاداری بۆ ڕاگەیاندنێکی چاپەمەنی، بڵاوکرایەوە. وێنەیان لەهەموو لەشی گرت، لە جێگای گوللەکەی سەر دەموچاوی، لاشەکە بە نیوە چاوکراوەی ڕاکێشرابوو و بەبێ جوڵە وەکو ئەوەی زەردەخەنە گرتبێتی. وەکو ئەوە وابوو کە جەنازەکە بە چاوێکی بەخشندەییەوە لە بکوژەکانی بڕوانێت و پێیان بڵێت ئەوەی بۆ ئامانجێکی خۆی بمرێت لەو دنیاش ئازار نادرێن.
مەبەستی چەتەکان ئەوە بوو کە بەو پەڕی دڵنیاییەوە پیشان بدەن، کە ئەوان لە چالاکیەکەیاندا سەرکەوتوو بوون.
ئەوان (چیگڤارا) یان کوشتبوو، قارەمانێک بەو تەمەنە کورتەی کە بەسەری برد، بەو کارەیان شەهیدێکیان بەدنیا هێنا. ئەو وێنانەی کە خێرا بە هەموو جیهاندا بڵاوکرانەوە ئەوەی نیشاندەدا کە پاشان بە"مەسیح لە ڤالاگراندا" ناوزەد کرا، ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ پەرستنی بتێک کە تا ئێستاش دەپەرسترێت.
هەڵەی زۆر زەق کران. ئەوان وایان بڵاوکردەوە کە چیگڤارا لە شەڕدا کوژراوە، بەڵام ئەو دوکتۆرەی کە لاشەکەی فەحسکردبوو، ئبراهەم باپتیسا و خوسێ کاسۆ، ئەوەیان دەستنیشان کرد کە ئەگەر وابێت جێگای گوللەکان شتێکی سەرسوڕهێنەرن. ئەوان ڕایانگەیاند ئەگەر وابێت ئەوان (دەوڵەت) گوللەیان بە لاشەیەکی بێگیانەوە ناوە. ئەو قسانە پەردە پۆش کران، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ڕاستەیەکان ئاشکرابوون.
لە 5 فێبروەری 1968 دا گۆڤاری ئەمریکی ڕامپارتس مەگەزین، ڕوداوەکەی بەو شێوەیە گێڕایەوە.
براکەی چیگڤارا، ڕۆبەرتۆ، بە خۆی و کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسەوە خۆی گەیاندە جێگاکە، بۆ ئەوەی لاشەکەی بناسێتەوە. بەڵام پێیان وت کە لاشەکەی سوتێنراوە و کراوەتە خۆڵەمێش، درۆیان دەکرد.
چیگڤارا، نەخشەکێشی سەرکەشی کردن، شۆڕش و فەناتیزم بوو. هەموو جیهان ئەمە دەزانێت. مرۆڤ دەتوانێت لە ناخی خۆیدا ئەو وێنە کلاسیکە ببینێت: دەموچاوێکی جدی و چاوە گەشەکانی، کڵاوەکەی کە ئەسێرەیەکی پێوە دورابوو، قژ و ڕیشێکی دانەهێنراو.
ئیحتیمالی ئەوە کەمە کە خەڵکێک بزانن چیگڤارا، دوکتۆریش بووبێت. جێگای سەرنجە کە ئەو پیاوەی کە چەندین ساڵ لە جێگا سەخت و شوێنە سەرکەشەکاندا شەڕی کرد، کەچی لە وڵاتەکەی خۆی ئەرجەنتین، کاتێک خۆی ناونووس کردبوو بۆ خزمەتی سەربازی، لێی خۆشبووبوون. ئەویش بەهۆی نەخۆشییەوە. لەم نووسینەدا ئەو لایەنە شاراوانەی چیگڤارا دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## دایک و باوکی، بەدنیا هاتنی چیگڤارا

لە ڕاستیدا چیگڤارا ناوی Ernesto Guevra Lynch d e la Serna بووە، لە 14 یونی 1928 لە شاری ڕۆساریۆی ئەرجەنتین لە دایک بوو.
لە بیگورافیەکدا (ئەندیرشۆن) دەڵێت کە کە ئەو لە ڕاستیدا لە 15 مای لە (دێ لا سێرنا) لەدایک بووە، بەڵام دایکی (Celia) داوای لە دوکتۆرەکەی کە هاورێی خۆی بووە کردووە کە ڕۆژی لە دایک بوونەکەی بگۆرێت. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئەو سکی سێ مانگان دەبێت کە شوو بە ئێرنستۆ چیگڤارا لینچ، دەکات، ئەو وای پێ باش دەبێت کە وانیشان بدات کە سکی دوو مانگانە. هەروەها ئەو حەزی لە ئەستێرەناسی کردووە و ویستویەتی کە مانگی "گا" بە نسیبی کورەکەی بێت لەجیاتی "جمک."
دایک و باوکی سەجەرەیەکی دووروردرێژی خزمایەتیان دەبێت و هەردووکیان سەر بە چینی سەرەوە دەبن. باوکی سیلیا پرۆفیسۆر دەبێت لە قانونناسیدا و ئەندامی کۆنگریس و سەفیریش دەبێت. ئەو هێشتا لە تەمەنێکی منداڵیدا دەبێت کە باوک و دایکی سیلیا کۆچی دوای دەکەن .
کاتێک ئەو چاوی بە ئێرنستۆ چیگڤارا لینچ دەکەوێت، تازەکی لە خوێندنگای تایبەتی کچانی Sacre Coeur
buensos Aries دەرچوو بوو. ئێرنستۆش باکگراوندێکی بۆرژوازی دەبێت. خێزانەکەی دەوڵەمەند دەبن بەڵام بەهۆی بێشانسیەوە زۆربەی سەروەتەکەیان لەدەست دەدەن .
ئەو کاتەی ئەوان یەکتریان ناسیبوو، تازە دەستەبەرداری خوێندی ئەندازیاری ببوو، خەریکی بنیاتنانی شەریکەیەکی بەلەم دروستکردن بوو. بەڵام ماوەیەکی کەمی نەبرد کە لەویش ماندوبوو، پلانەکانی بەرەو ئاراستەیەکی تر برد و وازای هێنا. توشی نە خۆشی– "Clondyke-feber"جۆرە تایەکە –

بوو، کە ئەو سەردەمە بڵابوو. (ڕواندنی Matê جۆرە چایەکە لە پارێزگای مسیۆنینس).
ئەوان لە 10 نۆڤێمبەری 1927 زەماوەندیان کرد و سیلیا شاگەشکە ببوو، دژایەتی بیری سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی نەکرد. ئەمە نەبووە ئەو ڕێگا ئاسانەی کە بەرەو ژیانێکی خۆشیان بەرێت، وەک ئەوەی ئەوان بیریان لێکردبووەوە. بەداخەوە سەرنەکەوتنیان تەنها شتێکی ناوازە نەبوو لە مەڕ داهاتووی ئەو پرۆژەیەی کە ئێرنیستو خۆی بۆ تەرخانکردبوو.
لە ساڵی 1929 کە سیلیا بۆ جاری دووەم سکی پڕبوو، گەڕانەوە بۆ بیۆنیس ئایریس. ئەوان لە خانویەکی ساکاردا ژیانیان دەبردە سەر و، سەرلەنوێ ئێرنیستۆ دەستی بە بەڵەم دروستکردن کردەوە. لە دیسیمبەردا کچێکیان بوو، کە ناویان نا سیلیا. منداڵی یەکەمیان بە ناوی باوکیانەوە ناونابوو، چی لەوە عادلانەتر دەبێت. لە ماڵەوە نازناوی ئێرنیستۆ جر "تیتێ" بوو .
جارێکی تر باری خراپی ئابووری بەردەرگای پێگرتن. ئەو جێگایەی کە بەلەمیان لێدروست دەکرد، سووتا. بۆ بەدبەختی ئەوان، بیەمیان (تەئمین) نەکردبوو، ئێرنیستۆ چیگڤارا لینچ، بێ چارە مابوو. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو خێزانە ژیانی خۆیان بە چالاکی هەمەجۆرەوە بەبێ نیگەران بوون، درێژە پێدا .

کارەساتی مەلەکردن

2مای 1930 سیلیا، کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێت بۆ مەلەکردن، ئاخر ئەو زۆر حەزی لە مەلەکردن بوو، لە پاڵ گردێکدا لە (ئیسدیرۆ) لە نزیک شارەکەیان.
پاش کەمێک هەوا بەرەو خراپی دەچێت و دەبێت بە با و بۆران، سەرما دەست پێدەکات. ئێرنیسۆ دوای مەلەکردنەکە ئارەق دەکاتەوە. شەوی دوایی دەست دەکات بە کۆکەیەکی سەخت و دوکتۆر دێننە سەری. ئەو دەڵێت کە ئیلتیهابی کردووە و دەرمانی بۆ دەنووسێت، بەڵام بەرەوە باشی ناڕوات.
کۆکەکەی بەشەو و بەڕۆژ درێژەی دەبێت و تادێت هەناسەی قورستر و سیخەسیخی سنگی، دایکی بەچاکی نیشانەکانی دەناسییەوە، چونکە ئەو بۆ خۆی لە گەنجێتیدا دووچاری هەمان نەخۆشی ببوو. ئەو وەکو ڕۆژ لێی ڕوون بوو کە ئێرنیستۆ توشی ڕەبوو (ئاستما) بووە .
جارێکی تر کە دوکتۆریان بانگردەوە، ئەویش چووە سەر بڕوای دایکی کە "تیتێ" دوچاری ئاستما هاتووە. دوکتۆر دەرمانی تری بۆ نووسی، ئیتر ئەو نەخۆشییە هەتا مرد لە کۆڵی نەبووەوە.
لە ڕاستیدا ئەو کاتە زەحمەت بوو بزانرێت کە چیگڤارا دووچاری نەخۆشیەکی سەختی ئاستما ،
نەخۆشییەک کە بە درێژایی ژیانی ئازاری بدات و بەشێوەیەکی بەردەوام، هەتا ئەو کاتەی بە دە گوللە ژیانی کۆتای پێدێت لە بۆلیڤیا.
دایکی ویژدانی ئازاری دەدا، چونکە ئەو دوای مەلەکە دووچاری ئەو نەخۆشییە ببوو، کە دایکی زۆری حەز بە مەلەکردن دەکرد. بەڵام بە گشتی خەڵک تێگەیشتنی بۆ ئەو پێوەندییە نزیکەی نێوان ئەو دایک و کوڕە هەبوو.
باسی ئەوە دەکرێت کە ئێرنیستۆ، ئیحساسی بۆ هیچ شتێک نە دەبزوت، هەتا ئەو کاتەی فیدیل کاسترۆی بینی.
لە مانگی مای 1932 منداڵێکی تریان بوو، ناویان نا ڕۆبەرتۆ.
"تیتێ" هەمیشە بەدەست ڕەبووەکەیەوە دەیناڵاند، دوکتۆرێک پێشنیاری ئەوەی پێکردن کە بگوێزنەوە بۆ ناوچەیەک کە هەوایەکی وشکتری هەبێت. ئەوانیش ناوچەی (ئاڵتا گراسیایان هەڵبژارد کە دەکەوتە پارێزگای کۆردۆبا)، کە دەکەوتە بەرزایی 600 مەتری لە دامێنی ئاندێرنا.

## گەورەبوون و یاخیبوون

ئینرستۆ 15ساڵ ژیانی خۆی لەو بەشەی ئەرجەنتیندا بەسەر برد. کاتێک ئەو تەمەنی تەنها سێ ساڵ بوو، دایکی فێری خوێندنەوەی کرد. ئیتر ئەوە بووە ئارەزوویەک و بەشێک لە ژیانی. ئێرنیستۆ زیاد لەحەد دەیخوێندەوە، لە ئەدەبیاتەوە بیگرە تا فەیلەسوفی و بیوگرافی و شیعر، ئەو هەمووشتێکی هەڵدەلووشی. نەخۆشیەکەی ڕێگاگر بوو لە بەردەم مەکتەبەکەیدا لە دوو ساڵی سەرەتادا، دایکی کاروباری دەرس پێوتنەوەکەی لە ماڵەوە درێژەپێدا. دوای ئەوە توانی لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەردەوام بێت.
چاکە ئەوەش بوترێت کە دایک و باوکی ئێرنیستۆ، عاشقی وەرزش بوون، سەرەڕای نەخۆشیەکەشی ئەوان هانی چیگڤارایان دەدا کە بە گوێرەی توانای وەرزش بکات. ئەو مەلەی دەکرد، بە شاخدا هەڵدەگەڕا، ئەسپ سواری دەکرد، پاشانیش بوو بە یارکەرێکی باشی ڕوگبی (جۆرە یاریەکی تۆپێنە). ئەمەش هەندێک جار دەبووە هۆی ئەوەی کە ڕەبووەکەی بە سەختی بگرێت.
لە تەمەنی 10 ساڵیدا فێری ئەوە بوو کە کاتێک ڕەبووەکەی هێرشی بۆ دێنێت، بۆ خۆی دەرزی ئادرەنالین لە خۆی بدات (جۆرە دەرزیەکە بەدژی ڕەبوو).
ئەو ساڵانە، ساڵانێکی پڕ ئەزموون بوون، پاشان دوو لایەنی کەسایەتی گرنگ خۆیان بەرجەستە دەکەن: سەرۆکایەتی و توانایی. کە پاشان مرۆڤ لە

گرنگیان تێدەگات.
ماڵەوە بۆ خۆی کارەکتەرێکی تایبەتی هەبوو. دوو قانونی شەرافەتمەندانە: میوانپەزێری و ئازادی. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە ماڵەکەیان دایمە جمەی دەهات. خواردن لە کاتی جودا جودادا، میوانداری کەسایەتیە گرنگەکان. ئاخافتنی مەجازی و هەندێک جار بە بڵندی. سیلیا و مێردەکەی ژیانێکی خۆشیان بەسەر دەبرد. منداڵەکانیشیان حەزیان لەو جۆرە ژیانە بوو و ژمارەیەکی زۆر هاورێیان هەبوو.
ساڵی 1942 ئێرنستۆ، بەپاس هاتوچۆی دەکرد، چونکە لەو شوێنەی ئەوانی لێ دەژیان، خوێندنگای بۆ منداڵانی تەمەن گەورە لێنەبوو .
ئەو بە پاس دەچوو بۆ کۆردۆبا کە 35 کلیۆمەتر لەوێوە دووربوو. بۆ ئەوەی ئاسانکاری ڕەوشەکە بکەن ماڵەکەیان لە بەهاری 1943 دا چوو بۆ ئەو شارە .
لە مای 1943 دوا منداڵیان لە دایک بوو، کورێکێکیان بوو کە ناویان نا خوان مارتین.
سکپڕبوونی سیلیا وەکو شتێکی فاجیعە وا بوو، بۆ هاورێکانی ئەو خانەوادەیە. دەنگەدەنگی ڕۆژانەی نێوان ئەو ژن و مێردە تا دەهات زیاتر گڕی دەستاند و قیژەقیژ و یەکتر تاوانبارکردن. ئاگربەستێکی کاتیان مۆرکرد.
دوو کەس گرنگی زۆریان بۆ ئێرنستۆی لاو، هەبوو. ئەوانیش ئەلبەرتۆ گرانتۆ کە کەمێک لەو گەورەتر بوو، دەستی بە خوێندی فارماکۆلۆگی(دەرمان) کرد لە زانکۆی کۆردۆبا، ئەوی تریان ماریا دێل کارمێن فیریرا، کە نازناوی "چیچینا" بوو، هاورێی قوتابخانەی بوو لە کۆلیجی ناشیونال دیانفەینز.
ئێرنیستۆ قۆناخی خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی 1946 تەواو کرد. دەرەجەکانی بەرزو نزم بوون. ئەو لە لیتراتۆر(ئەدەبیات) و فەیلسۆفیدا دەرەجەی چاکی هێنابوو، دەرەجەی فەرەنسی باشتر بوو لە ئینگلیزی، بەڵام زۆر باش نەبوو لە ڕشتەی سروشتدا. ئێرنستۆ بە فرە لایەنە ناودەبرا. ئەو لە سەرەتاوە لەشولارێکی باشی هەبوو بەڵام ئەو ڕەبوویەکی چڕ و سەختی گرتبوو. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە لە سەربازیی کردن ببەخشرێت، ئێرنیشتۆ ڕازیی بوو چونکە توانی بەردەوام بێت لە خوێندنەکەی.
بەرنامەکانی پاشەڕۆژی دیاری بوون. ئەو دەیویست ببێت بە موهەندیس، بۆ بەشی پراکتیکیەکەی لە پرۆژەی دروستکردنی ڕێگایەک لە کاردۆبا، دامەزرا. پاشان گواستیانەوە بۆ ڤیلەماریا، کە 15 کیلۆمەتر لەو شوێنەوە دووربوو .
ئێرنیستۆ لەوێ کاری کرد تا خێزانەکەی لە مارسی1947 گەڕانەوە بۆ بوینس ئایرنس. دایک و باوکی بڕیاریاندا بوو جیاببنەوە و وەک هەمیشەش باری ئابووریان لە خراپیدا بوو.
ئەوان گواستیانەوە بۆ خانوویەک کە هی نەنکی ئێرنیسۆ بوو. نەنکی واتە ئانا ئیسابیل، تەمەنی 96 ساڵ بوو. لەگەڵ ئەوەی کە ئێرنیستۆ تەمەنی چوار ساڵان بوو کە ئەو شوێنەیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام پێوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ نەنکی هەبوو.
لە مانگی مای هەمان ساڵدا نەنکی جەڵدە لێداو کەوتە ڕەوشێکی خەتەرەوە. بە تەلگراف ئێرنیستۆیان ئاگادار کردەوە و ئەویش دەستبەجێ گەڕایەوە. ئەو 17 ڕۆژ بەسەر سەرییەوە بوو. کاتێکیش لە کۆتایدا کۆچی دوایی کرد، ئیدی بەهیچ شتێک دڵی نەدەدرایەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە هەموو پلانەکانی سەروبن بکات.

## خوێندن لە بواری دەرماندا

ئێرنیستۆ وازی لەوە هێنا کە ببێت بە موهەندیس، بڕیاری دا ببێت بە دوکتۆر. سێ هۆ وەکو بەهانەی ئەم بڕیارەی باسیان لێوە دەکرێت:
کۆچی دوایی نەنکی، ئارەزوویەک کە دەیویست بە شێوەیەکی پرۆفوشیناڵ یارمەتی مرۆڤ بدات. نەخۆشیەکەی دایکی. سیلسا چیگڤارا لە 12 سیبتێمبەری 1945 دا، گرێی شێرپەنجە لە مەمکیدا دۆزرایەوە. هەروەها ڕەبووەکەی خۆی. ئەو دەیویست ڕێگای باشتر بۆ چارەسەرکردنی ڕەبوو، بدۆزێتەوە، دیارە بەو هیوایەی کە لە کۆتایشدا بنەبڕیکرێت.
ئەوکاتە لە کۆلیژی هەندەسە قبوڵکرابوو، بەڵام لە یونی 1947 ، پێشکەشی کۆلیژی دەرمانسازی لە زانکۆی بیرۆز ئایرس کرد.
دەرەجەکانی بەشی ئەوەیان دەکرد و دەستی کرد بە خوێندنی دەرمان. ئەگەر ئەو لە سەرەتاوە بە دڵ و گیان خوێندبێتی ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی کە زوو خۆی بگۆڕێت.
ئەو زانیاریانەی کە لە بەردەستدان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ چۆن خوێندویەتی، جیاوازان. هاورێکەی ڕیچاردۆ کاپۆس دەڵێت کە ئێرنیستۆ دەیتوانی 10-12 سەعات لە کتێبخانەی زانکۆ دا بمێنێتەوە. هەرچی ئامۆزاکەشی فەرناردۆیە دەڵێت ئەو تەنها بیری لەوە دەکردەوە کە شەهادەکەی وەربگرێت، ئەمەش ڕاستیەکەیەتی، چونکە ئەو کە لە کتێبخانەی زانکۆ ماوەتەوە هەموو شتێکی خوێندۆتەوە بێجگە لە کتێبە دەرسیەکانی. ئاخر ئەو هەمان ئارەزوی جارانی بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیات مابوو.

## سەفەر و خوێندن

لە سەرەتای 1949 دا دەستی بەگەشتێک کرد کە پاشان بووە بەشێک لە ژیانی. ئەو بۆ ماوەیەک پشوویەکی وەرگرت لە قوتابخانە و بە سواری ماتۆڕ، بوینوس ئایرسی بەجێ هێشت. ئەو نەیدەویست وەکو "گەشتکەرانی تر بکات، بەڵکو دەیویست خەڵک بناسێت". مەبەستیشی لە خەڵک، هەژاران و نەخۆش و پەکەوتووەکان بوو.

ئالێرەدا مرۆڤ دڵسۆزی کۆمەڵایەتی ئەوی بۆ دەردەکەوێت، کە بوو بە بەشێک لە ژیانی. گرنگە ئەوە بووترێت کە ئرنیستۆ چیگڤارا لەو ساڵانەی خەریکی خوێندن بوو هیچ نیشانیەکی وای نیشان نەدا کە سەری لە سیاسەت بخورێت.

سەفەری یەکەمی بەرە و باکووری ئەرجەنتین کرد و سەردانی (خەستەخانەیەکی پێست)ی کرد لە (سانفرانسیکۆ دێ دێچانێر)، بۆ یەکەمین جار لەوێ بە چاوی خۆی ئەو کەسانەی دەبینی کە بە ئازارەوە دەتلانەوە .

لە ساڵی 1950 دا، دایکی عەمەلیات کرا، چونکە سەرەتانەکەی لێی هەڵدابووەوە. ئەمە وای لە ئێرنیستۆ کرد کە لەماڵەوە چەند تاقیکردنەوەیەک لەسەر ئاژەڵ بکات. ئەو بە هیوای ئەوە بوو کە بەڵکو موعجیزەیەک ڕووبدات و یارمەتی دایکی بدات، ئەمەش کردەوەیەکی نەخۆشانە بوو. بەڵام دەکرێت وەکو نیشانەیەک بۆ ئەو پێوەندییە ڕۆحیەیەی لەگەڵ دایکیدا هەیبوو، چاوی لێبکرێت.

## داویی خۆشەویستی

لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1950 دا، ئێرنیستۆ بانگهێشتن کرابوو بۆ زەماوەندێک، لە شارە کۆنەکەی خۆی کۆردۆبا. لەوێ هاورێکەی "چیچینا"ی بینی و خۆشەویستیەکی بەتین لە نێوانیاندا سەریهەڵدا. بەڵام ئێرنیستۆ گۆشەگیر بوو. ئەو دەیویست ئازاد بێت و، بتوانێت سەفەر بکات، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ژنهێنانەکەی ئیحتیمالێکی کەمی هەیە. "چیچینا" سەر بە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند بوو، چێگڤاراش خوێندکارێکی هەژار بوو بە خۆی و جلە سادە و پێلاوە بۆیاخ نەکراوەکانیەوە.

ئەم خۆشەویستییە لە قاڵبی ڕۆمانتیکیدا مایەوە، بەڵام بە ئیحتیمالێکی زۆر ئێرنستۆ بۆ یەکەمین جار بوو هەستی بەخۆشەویستیەکی جودا لەوەی کە بۆ دایکی هەیبوو، دەکرد.

ئەو پایزە بێقەرابوو. بەردەوام بوو لە خوێندنەکەی و هەر کە بۆی هەڵبکەوتایە سەردانی کچە هاوڕێکەی لە کۆردۆبا دەکرد. جارێکی تر بیری ئازادی کەوتەوە و لە دیسێمبەری 1950 دا، وەکو سستەر لە کەشتی بازرگانی دەریایی.لەگەڵ گەمیەکاندا بەرەو بەرازیل و خواروی ئەرجەنتین و ڕۆژئاوای هیندی، سوار بوو. ئەم کارەی کارێکی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو خەڵکێکی کەمی دەبینی. ئاخر ئەو کاتێک خۆشحاڵ و ئاسودە بوو کە لە بوینوس ئایرس، خۆی دەبینیەوە، چونکە دەورێکی تایبەتی دەبینی.

## جارێکی تر سەفەر

پاش ئەوەی کە چەند کۆرسێکی خوێند، لە ساڵی 1951 دا، جارێکی تر لە یانیوەری ساڵی 1952دا، کەڵکەڵەی سەفەرکردنی کەوتەوە سەر. ئەمجارەیان هاوڕێکەی ئەلبەرتۆ گرانادۆی لەگەڵ بوو. ئەم جارەیان نیازیی وابوو کە هەشت مانگ بمێنێتەوە .

ئەوان بە ماتۆرێکی لە جۆری (نۆرتۆن) دەستیان بە سەفەرەکەیان کرد، کە ناویان نابوو لاپۆدریساII.

یەکەمجار بەرەو خوارویی چیلی و پاشان بەرەو باکوور. ماتۆرەکەیان هەقی ئەو ناوەی نەبوو کە لێیان نابوو، لە سانتیاگۆ لە کارکەوت. لە ڕێگای ترەوە درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا بەرەو بۆلیڤیا و پێرۆ.

ئێرنیستۆ ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە سەردانی شوێنە گرنگەکانی ئینکای بکات، وەکو Machu، Cuzco، Picchu، ئەرکیولۆگی (زەویناسی) یەکێکی تر بوو لەو ئارەزوانەی تری ئێرنیستۆ، بۆیە زۆر بەبایەخەوە لەو سەردانەی دەڕوانی.

ئەو دوو هاوڕێیە، ماوەی کورت کورت لە خەستەخانەکاندا دەمانەوە. زۆر جار ڕەبووەکەی بۆ دەهات. پاشان درێژەیان بەسەفەرەکەیاندا بە ناو کۆلۆمبیادا بەرە و ڤەنزویلا.

ئەلبەرتۆ بڕیاریدا کە لەوێ بمێنێتەوە، بەڵآم ئێرنیستۆ دەبوو بگەرێتەوە بۆ بۆینوس ئاریس بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات.

هاوشاریەکی ئێرنستۆ داوەتی دەکات بۆ ئەوەی لە گەڵیان بڕوات بۆ گواستنەوەی ئەسپ، سەفەرێک کە دەبوو بۆ یەک مانگ لە مەیامی بمێنێتەوە. ئەوە یەکەم سەفەری بوو بۆ ئەمریکا. جارێکی تریش سەردانی ئەمریکای کرد، ساڵی 1964، ئەو کاتە کە وەزیر بوو لە کوبا و لە کۆبونەوەی نەتەوە

یەکگرتووەکاندا، قسەی کرد.

ئێرنستۆ دەبێت بە دوکتۆر

لە کۆتای ساڵی 1952 دا گەڕایەوە بۆ بویرس ئایرس. بەڵام خەیاڵی هەر لای سەفەرکردن بوو. پێدەچێت ئەو وەکو ڕۆحێکی نەسرەوتوو، وابووبێت. بەڵام دەیویست جارێ خوێندنەکەی کۆتایی پێبهێنێت. هەر دەیخوێند و ئیمتیحانی دەکرد. هاوکات ئەو خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەلای پرۆفیسۆر سەلڤادۆر پیسانی، لە تاقیگای نەخۆشی حەساسیەت. سەرنجامەکەی بە وتارێک کۆتایی هات بەناوی " Sensitization to pollen in guinea pigs via injecktions of orange extracts " ،کە لە Alergia دا بڵاو کرایەوە. دوکتۆر Salvadorدەیویست لە لای خۆی دایمەزرێنێ، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو.

لە 12 یولی 1953 دا، شەهادەیی دوکتۆریی وەرگرت. شەش ساڵ خوێندن کە بەهۆی سەفەرەکانییەوە بە پچڕ پچڕی خەریک بوو، کۆتایی هات. خۆشحاڵ و ڕازیی: نەخێر.

نامەیەکی بۆ هاوڕێ کچکەی "چیچینا" دەنووسێت و پێی دەڵێت، کە ئەو مەبەستی ئەوە نییە کە "خۆی بە پیشەی قەشمەری دوکتۆرییەوە، زیندانی بکات".

دوای وەزیفەکەی لە کوبا، ساڵی 1956 لە بیرەوەریەکانیدا دەنوسێت:" من بۆم هەبوو لەبەینی جەواڵێکی پڕ لە دەرمان یانیش پاکەتێک فیشەک، هەڵبژێرم. ئەگەر هەردووکیانم هەڵگرتایە، قورس دەبوو. منیش پاکەتە فیشەکەکم هەڵگرت و جەواڵە دەرمانەکەم دانایەوە."

دایک و باوکی هەوڵی ئەوەیان دا کە ڕازی بکەن بمێنێتەوە. بەڵێنی کاریان پێدابوو. پیشەیەکی ڕێزلێنراو و پڕ دەرامەتی هەبوو. بەڵام بێهودە بوو! ئەو دەیوست بڕوات.

"لەوە زیاتر مەگری ئەرجەنتینا"

پاش ئەوە، یەکەسەر خۆی بۆ سەفەرێکی تر کۆکردەوە. ئەو وای نیشان دا کە سەفەر دەکات بۆ ڤەنزوێلا و لە نەخۆشخانەیەک کار دەکات، لەو جێگایەیی کە هاورێکەی ئەلبەرتۆ کاری تێدا دەکرد.

لەگەڵ هاورێیەکەی بە ناوی سالیسا فیریر، جارێکی تریش شارەکەی خۆی بەجێهێشت. ئەوان بلیتی شەمەندەفەریان بڕی، بەرەو لاپاز لە بۆلیڤیا. ئێرنیستۆ تەمەنی 25 ساڵ بوو. ئەو ئیتر جارێکی تر نەدەگەڕایەوە بۆ ئەرجەنتین. پاش ئەوەی پێنج هەفتە لە وێ مانەوە بەرەو پێرۆ کەوتنە ڕێگا. ئێرنستۆ جارێکیتریش سەردانی ماچۆ پیچیوی کرد، زیاتر کاریەگەری کردە سەری. ئەو لەبارەی ئەو جێگایەوە، نوسینێکی نووسی، پاشان لە (پاناما) بڵاو کرایەوە.

ئەو دوو هاوڕێیە، درێژەیان بەسەفەرەکەیان دا بەرەو (لیما) و لەوێ خەڵکێکی نوێیان ناسیی. ئێرنیستۆ گوێبیستی ناوی ژنێکی گەنجی پێرۆیی بوو کە لە تاروگە دەژیا، لە گواتیمالا ستی، بە ناوی هیلدا گالدیا.لە بەندەری(گوایاکویل)ەوە بەرەو پاناما ستی بە پاپۆر کەوتنە ڕێ. لەوێ هەموو ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ خۆی هێنابونی و لەسەر دەرمان بوون، فرۆشتنی تا بتوانێت بلیتێکی تەیارە بکرێت بۆ کۆستەریکا. پاش ماوەیەکی کورت، ئێرنیستۆ بە پیادە و سەیارە لە دیسێمبەری 1953 گەیشتە گواتیمالا.

ئەو دەبوو هەشت مانگ لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ماوەیە چارەنووس سازبوو بۆ ژیانی داهاتووی ئەو.

## هیلدا گادیا

ئەو ژنە گەنجە پێرۆییە، بەهۆی بیروبۆچوونە سیاسیەکانیەوە، وەکو پەنابەرێک لە تاراوگە دەژیا. ئەو زۆر چالاکانە لە ناو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیدا کاری دەکرد بەناوی .( Alianza Popular Revoucion□ria Americana ) APRA ئەو لە (Instituto de Fomenta de la Produccion)، کاری دەکرد و بەوە خۆی دەژیاند، لە پایتەخت، گواتیمالا ستی.

وەکو پێشتر وترا، ئێرنیستۆ لە (لیما) و (پێرۆ) ناوی هیلدای بیستبوو. ئەوە ئەو کاتە بوو کە باسی ئەوەی کردبوو کە دەچێت بۆ گواتیمالا. ئامانجی چێگڤارا لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر کلتووری (مایا).

چێگڤارا توانی هیلدا بدۆزێتەوە و بۆ جاری یەکەم لە 20 دیسێمبەری 1953 دا یەکتریان بینی .

پاشان هیلدا لە نووسینێکدا نووسیبووی کە ئەو هەر لەسەرەتاوە، کاردانەوەیەکی مەنفی لەلا دروست بوو، لەسەر چێگڤارا. ئەو بۆ خۆشی نەیدەزانی بۆچی؟ چونکە ئێرنستۆ زۆر بەڕێز و سەنگینانە هەڵسوکەوتی دەکرد .

هیلدا باسی ئارەزووەکانی خۆی بۆ ئێرنیستۆ دەکات کە چۆن حەزی لە کولتوورە کۆنەکانی هیندیە سورەکانی وەکو: ئینکا، مایا، ئازتیکر و هەروەها بۆ زەویناسیە. ئەوان ماوەیەکی دووردرێژ لەسەر ئەدەبیات قسە دەکەن و هیلدا بۆی دەردەکەوێت کە ئێرنیستۆ زۆری خوێندۆتەوە. تا دەهات زیاتر ئەوی

لەدڵدا جێگیر دەبوو. هیلدا بۆ خۆی ڕوناکبیر بوو، هەر بۆەیە تاقەتی موناقەشەی پڕوپوچی نەبوو.

وەکو دوکتۆر لە گواتیمالا، بەلآم ئەمجارەش، نەخێر

ئێرنیسۆ لەلای هیلدا ئەوەی درکاندبوو کە حەز دەکات ماوەیەک وەکو دوکتۆر کار بکات. هیلدا ژمارەیەک کەسی بەدەسەڵاتی دەناسی لەناویاندا وەزیری ئابووری پاز و، چەند ئەندامێکی کۆنگریسیان تێدا بوو.

ئەوانیش وەزیری تەندروستیان پێنیشان دەدا. ئێرنیستۆ توانی لەگەڵ دوکتۆرێکی ڤەنزویلاییدا پێوەندی بگرێت، دوکتۆر پێنالاڤار، کە ئەویش ناچار کرابوو لە تاراوگە بژی. ئەویش توانی کارێک بکات کە ئێرنیستۆ خۆی چاوی بە وەزیری تەندروستی بکەوێت. بەڵام وەڵامێکی نەگەتیڤی درایەوە، چونکە ئەوان نەیاندەتوانی شەهادە ئەرجەنتینیەکەی قبووڵ بکەن؛ پێیان وت کە دەبێت یەکساڵ وەکو فەرمانبەر کار بکات.

ئێرنیستۆ کاری دوکتۆری لە مێشکی خۆی دەرکرد. تەنانەت ئەو نەیتوانی وەکو سستەریش کارێک پەیدا بکات. هەستی بە نائومێدی دەکرد .

بەوە دڵخۆش بوو کە لەگەڵ هیلدا و هاورێکانیدا یەکتریان دەبینی، ئەوەش وەکو کارێکی ڕۆژانە وابوو بۆیان.

بە پێکەوەبوونیان خۆشحاڵ بوون و چێگڤارا ناسیاوەکانی هیلدای خۆش دەویست. زۆربەی ئەوانەش سەربە APRA بوون. کۆمۆنیست بوون، یەکەمین تێگەیشتنی سیاسی کە ئەو پێی ئاشنابوو، لەوێوە بوو .

ئێرنیستۆ باسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی لە ئەرجەنتین و ژیانی خوێندکارێتی خۆی بۆ دەکردن. باسی ئەو ماوەیەی بۆ دەکردن کە کە لە خەستەخانەیەکی پێرۆ کاری کردبوو. ئەو و هاورێکەی ئەلبیرتۆ وەکو کارمەندەکانی تری خەستەخانە هەڵسوکەوتیان نەدەکرد. ئەوان لە کاتی کارەکەیاندا، وەکو ئەوانی تر، دەمی خۆیان هەڵندەپێچا. لە کاتی ئازادی خۆشیاندا لەگەڵ نەخۆشەکاندا یاری فوتبۆڵیان دەکرد .

ئەمانە وەکو نرخ و بەهایەک هەستیان پێدەکرا. کاتێکیش کە ئەو دوو پیاوە گەنجە دەبوو درێژە بە گەشتەکەیان بدەن، نەخۆشەکان بەلەمێکیان بۆ دروستکردن و ناویان نابوو مابۆ-تانگۆ، ئەوان توانیان بەو بەلەمە بەناو جەنگەڵەکانی ئەمزۆندا بڕۆن بەرەو کۆلۆمبیا. پاشان بەرە و کاراکاس و ڤەنزویلا فڕین و، لەوێوە هەر کەسە و ڕێگایەکی گرتەبەر.

## ئێرنیستۆ شتێک دەدرکێنێ

ئێرنیستۆ بۆ هیلدای گێرابووەوە، کە بە هیچ شێوەیەک پیشەی دوکتۆری پێ خۆشنەبووە. ئەو پێی وابوو کە دوکتۆرەکان وەکو پەیامبەرێک خۆیان نیشان دەدەن و خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، لە ڕێگای نووسینی دەرمانی بێکەڵک، لە کاتی نەخۆشیی نەفسیدا و، عەمەلیاتی ناپێوسیت دەکەن.

ئەو لەوە دەترسا کە بگۆرێت بۆ دوکتۆرێک کە موچەی باش وەربگرێت، ئەوەش هۆی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی وڵات بەجێ بهێڵێ. ئارەزومەندی بۆ پەڕاندنی ئەلەرگیەکەی (حەساسیەت) لە مەڕ نەخۆشی ڕەبووەکەی، بەڵام هیچ کارەکتەرێکی عیلمیانە ئەویان بەلای خۆیدا ڕانەکێشا. ئەو خەڵکانێکی کە پێویستیان بە هاوکاری، خەڵکانی هەژار و نابەرابەریەکانی دنیای بینی بوو، نەیدەویست ببێتە خزمەتکاری کاپیتالیزم.

**ئێرنیستۆ دەبێت بە چێ (چێ+چیگڤارا)**

وا باس دەکرێت کە تێهەڵکێشێک لە بەینی ژیان بەسەربردنی لەناو وڵاتە هەژارەکانی ئەمریکای لاتین و گفتووگۆکانی لەگەڵ هیلدا، ئێرنیستۆی شۆڕشگێریان خولقاندبێ.

لە یانیوەری 1954 دا گروپێک کوبایی، لە دەستی ڕژێمی باتیستاس هەڵدێن. ئەو گوێبیستی مافناسێکی گەنج ببوو، کە هەوڵی کودەتایەکی دابوو، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو، بەڵکو زیندانی کرابوو، ئەو کەسەش ناوی فیدڵ کاسترۆ بوو .

لەگەڵ کوبایەکاندا پەیوەندیەکی باشی دامەزراند، سەرەڕای ئەوەش ئەوان نازناوی "چێ"یان دابوویە. زۆر لە ئەرجەنتینیەکان دەنگی "ش"یان بەکاردەهێنا لەدوای ڕستەدا. بەو شێوەیە چێگڤارا، ئەو ناوە بەناوبانگەی بەقیسمەت بوو. ئەو بۆ خۆشی پێی خۆش بوو، بەکاری دەهێنا.

لە بەهاری ساڵی 1954 دا، نائارامی باڵی بەسەر گواتیمالادا کێشا. سەرکۆمار یاکوب ئاربینز کە هەڵبژێردرابوو، خەڵک خۆشیان دەویست، کۆمەڵێک ڕیفۆرمی زەویوزاری کردبوو، زۆرشتی دەکرد، ئەوە بوو لەسەر کار لابردرا. چێگڤارا پێی وابوو کە ئەو کودەتایە بەدەستی "ئیمپریالیزمی ئەمریکی" و (سی. ئای . ئەی) کرابوو .

ئەوە بوو یەکەمین وتاری سیاسی خۆی نووسی. ئەمەش دەست بە پشتهێنانێک بوو بۆ کۆمۆنیستەکان. هیلدا گیرا، بەڵام دوای ئازاد کرا. چێگڤارا پەنای بردە بەر سەفارەتی ئەرجەنتین. پەیوەندی چێگڤارا و هیلدا، گەیشتبووە ئاستێک کە ئەو پێی وابوو بچن بۆ مەکسیک و لەوێ زەماوەند بکەن. چێ بەدزی، سەفارەتی بەجێهێشت و توانی پەیوەندی بە هیلداوە بکات و پلانەکانی خۆی بۆ باس بکات. هیلدا پاش مینجەمینج کردنێک، ڕازای بوو. هەریەکەیان بە جیا، سنووریان بەزاند و هەروەک بەرنامەڕێژیان کردبوو لە مەکسیکۆ ستی بەیەک گەیشتنەوە .

**دوکتۆر چێگڤارا**

چێگڤارا هەرزوو لە General Hospital کاری پەیداکرد، مووچەکەی زۆر نەبوو بەڵام ئەو حەزی لە وەبوو کە خەریکی کاری لێکۆڵینەوە بێت. بەرپرسی خەستەخانەکە دوکتۆر سالازار مالێن بوو. موناقەشەی زەماوەندەکەیان هەر درێژەی هەبوو، ڕۆژ دیاری کراو ، دواخرا، وەک دەڵێن هیلدا وەستاندبووی. لێکۆلینەوەکەی بە باشی دەچووە پێش و بەرنامەی ئەوەی دانابوو کە دوکتۆرا بکات. دەستیکردبوو بە نووسینی یەکەمین وتاری لەسەر دەرمان لەدەرەوەی وڵاتەکەی، لەو کاتەدا ڕوداوێکی گرنگ ڕوویدا.

چێگڤارا دوو برای بینی کە ئەوەش بۆ خۆی گۆڕانی بەسەر هەموو ژیانیدا هێنا.

ڕۆژێکیان لەناو کوبایەکاندا پیاوێکی گەنج پەیدابوو، بەناوی ڕاویل کاسترۆ. کابرایەکی کۆمۆنیست بوو، قسەی لەسەر ئازادی مرۆڤەکان لە چنگی دیکتاتۆرەکان دەکرد. برا گەورەکەی ڕاویل، فیدڵ، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم گەیشتە مەکسیکۆ ستی. فیدڵ و جێگڤارا، بۆ یەکەمین جار لە یونی 1955 دا یەکتریان بینی. ماوەی 10 سەعات بەبێ پشوودان گفتوگۆیان کرد.

چێگڤارا بە هەوڵدانەکەی فیدڵ بۆ ئەنجامدانی کودەتایەک کە پێشتر ویستبووی بیکات، سەرسام بوو. فیدڵ، لە جزیرەیەک بۆ ماوەی چەند ساڵ زیندانی دەکرێت، بەڵام بەر لێبوردنێکی گشتی کەوتبوو، ئازاد کرابوو ، هەڵەیەکی چارەنووس سازەنە کە باتیستای دیکتاتۆر کردی .

فیدڵ هەتا بڵێی کابرایەکی کاریزما، بیرتیژوو، ستراتیجی و خەباتکار بوو، ئەو دەیویست ژیانی خۆی پێشکەش بە ئازادی کوبا بکات. چێگڤارا پێیانەوە پەیوەست بوو، نەیتوانی بەربەرەکانێیان بکات.

بەڵام هاوکات خەریکی لێکۆڵینەوەکەی بوو، وتارەکەشی قبوڵکرا لە کۆنگرەی ئەلەرگی لە شاری ڤیراکروز. ئەو دەیویست بچێت بۆ ئەوەێ، بەڵام هیلدا نەیدەویست لەگەڵیدا بچێت. بۆچی؟

## ڕوداوێکی چاوەڕواننەکراو

هیلدا هەستی بەوە دەکرد کە دوگیانە! چێگڤارا لەسەرەتاوە بڕوای پێنەدەکرد، بەڵام خۆشحاڵ بوو بە هەواڵەکە. بە بڕوای چێگڤارا، دەبوو ئێستا بیهێنێت. ئەو دوکتۆرێکی دەناسی لە خەسەتخەنانە، کە هاوکات پارێزگاری ناوچەیەکی بچوک بوو، لە مەکسیکۆ. ئەو هەقی ئەوەی هەبوو کە هاوسەر هەڵبژێرێت و هیچ نارەزیەتیەکی نەبوو .

لە 18 ئابدا چێ و هیلدا، بوونە هاوسەر. ڕاستیەکی دەبوو هەردوو برا کاسترۆکان ببوونایەتە شایەت، بەڵام ئەوان ماوەیەک بوو نەیان دەویست خۆیان پیشان بدەن، هەر لەبەر ئەوە دوو هاورێی تریان بەوکارە هەستان. هاورێیەکی چێگڤارا نوێنەرایەتی لایەنی پەیمانە عادەتیەکەی کرد.

ئەم هەواڵە بە هاورێکەی چێگڤارا، ئەلبیرتۆ گراندۆ، گەیشت، لە پیرۆ. ماوەیەکی کەمی پێچو کە نامەیەک گەیشتە دەستی چێگڤارا کە لەڕادە بەدەر خۆشحاڵی کرد. نەخۆشەکانیش کە لە حاڵێکی باشدا بوون، بە دەستەکانیان کە بە نەخۆشی خراپ بووبوون، نامەی پیرۆزباییان بۆ بەڕێکربوو، هەندێک وێنەی کۆنی کاتی یاریکردنی فوتبۆڵیان بۆ ناردبوو. چێگڤارا لە لای ئەوان دوکتۆرێکی خۆشەویست و دڵسۆز بوو. لە نۆڤێمبەردا، هاوسەران چێگڤارا، سەفەرێکی یەک مانگەیان کرد، بۆ بەسەر بردنی مانگی هەنگوینی. نازانم بۆ، بەڵام نەختێک عەجیبە کە چێگڤارا و مانگی هەنگوینی بەیەکەوە گرێ بدرێت. ئەوان چوون بۆ خواروی مەکسیک بۆ سەیرکردنی پاشماوەکانی مایا. پاشان بەرەو دەریای ئارام، بەڵام لە Acapulco خۆیان پاراست کە" جوان، بەڵام بەتەواوی "beautiful, but completely ynakeefied بوو. جێگای تر هەبوو کە ئەوان لە خۆر و مەلەکردنەکەی لەزەتیان دەبرد.

پاشان بەرەو مەکسیکۆ ستی گەڕانەوە.

تا دەهات زیاتر لەگەڵ کوباییە ئاوارەکان تێکەڵ دەبوون. چێگڤارا وازی لە لێکۆلینەوەکەی هێنا، بەڵام ماوەیەکی تریش هاوکاری نەخۆشەکانی کرد. کۆتایی بەم کارەشی هێنا.

لە 15 مارسدا کچێکیان بوو. چێگڤارا ناوی نا، هیلدا بارتیکس. ئەوی دواییان ناوی خزمێکیان بوو کە زۆری خۆش دەویست.

کچەکەیان بە ناوی هیلدیتا (هیلدای بچکۆلە) ناو دەبرد. بەڵام هەندێک جاریش چێگڤار بە " ماۆ بچکۆلەکەی بابە" بانگی دەکرد. لەبەر ئەوەی هیلدا توخمی ئیندیانەکانی پێوە بوو، بۆیە کچەکەیان کەمێک چاوەکانی کەچ بوون .

ئێستا ئەوان خەریکی پلانێک بوون کە پاشان بە بە پلانی- گراندما ناوبانگی دەرکرد. چەند کەسێک بە بەلەمێکی سادە، بەناوی گراندما، لە ناوچە شاخاویەکانی سیریا مێسترا، لە باشووری کوبا پیادەبن و دەست دەکەن بە خەباتی پارتیزانی، بەو مەبەستەی کە ڕێژیمی باتیستا بروخێنن. سەرۆکیش بە دڵنیاییەوە: (فیدڵ کاسترۆ)یە. براکەی ڕاویڵ و ژمارەیەک کوبایی لە تاراوگە، خۆبەخشانە دەیانەوێت، بەشداری بکەن.

چێگڤارا یەک سانیەش دوودڵی نیشان نەدا لە بەشداریکردن. بەرپرسیاریەتی لە هیلدا و هیلدیتا، هێندەی ئەو بەشداریکردنە کێشیان نەبوو لە تەرووازوی ئەخلاقی ئەودا. بەدڵنیاییەوە ئەو دەیویست لە کاتی پێویستدا، کەڵک لە شارەزایەتی خۆی وەربگرێت وەکو دوکتۆرێک، بەڵام ئەو ئەوەشی لە هیلدا

نەشاردەوە کە بەهەموو شێوەیەک لە شەڕدا بەشداری دەکات.

## هێڵی دوکتۆری کۆتایی پێدێت

ئەوانەی کە بەشداریان دەکرد، دەبوو هەم مەشق بکەن و هەمیش پلان دابڕێژن. ئەوەش دەبوو زۆر بەنهێنی بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو گروپە گێڵگەیەکی دوورەپەرێزیان بەکرێ گرت، لە مەکسیکۆ ستی. لەو شوێنە، هەم مەشقی فیزیکیان دەکرد، هەم نیشانە پێکاندن، تاکتیک و بەرنامەڕێژیی .

ڕۆژێک دوای ئەوە هیلدا لە ڕۆژنامەدا هەواڵی گرتنی بیست کەسی خوێندەوە، کە خەریکی مەشقکردن بوون، لەناویاندا دوکتۆرێکی ئەرجەنتنی بە ناوی ئێرنیست چێگڤارای تێدابوو.

پۆلیسی مەکسیکی وایان زانیبوو، کە ئەوگروپە خۆیان بۆ چالاکیەک لەناو مەکسیکدا ئامادە دەکەن. بەڵام ئەوان نەیانتوانیبوو، بەبەڵگەوە ئەوە بسەلمێنن. دیارە ئاشکرایە ئەوانەی کە گیرابوون، پلانەکانی خۆیان، ئاشکرانەکردبوو. پاش دوو مانگ زیندانی کردن، ئازادکران.

بەهۆی چەندین هۆی جیاوازەوە، چێگڤارا نەیدەتوانی چیتر درێژە بە پیشەی دوکتۆریەکەی بدات. ئیتر ئەوە دوا هەنگاوی ئەو بوو لەو ڕێگایەدا.

## دوکتۆر و سەرباز لە جلی سەربازیدا

٨٢ دوو کەس، کە لەهیچ شتێک باکیان نەبوو، خۆیان خستە ناو دەریایی کاریبییەوە. سەفەرەکەیان هەتا بڵێی سەخت بوو، بەهۆی تۆفانی دەریاوە. خەڵک هەبوو وەکو پشیلە دەڕشانەوە. چێگڤارا دووچاری هێرشێکی سەختی ڕەبوو هات.

ئەوان هەر کە گەیشتنە ناو وشکانی، دەستبەجێ تەقەیانلێکرا و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی ناو گانداما، کوژران. فیدڵ و ڕاوێڵ و چێگڤارا لە ناو ئەوانەدابوون کە ڕزگاریان بوو .

ئەوان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لەو شوێنەی کە ئەمریکا تێیدا سەرنەکەوت لەو بەندەرەدا، ئەویش لێدانی سەنگەر بوو. توانیان خۆیان بگەیەننە ناوچەیەکی سەختی دەست پیانەگەیشتوو. ئارەق بە ناوشاندا فوارەی بەستبوو، سیەکان دەیانویست بتەقەنەوە و سکیشیان هێشتا هەرلە ناڕەزایەتیدا بوو. ئەمە ئەو سەختیە بوو کە تا دوو ساڵ دەبوو ڕووبەرویی ببنەوە .

ماوەیەکی کەمی پێنەچوو، سەربازێکی-باتیستایان دەستگیر کرد و پاشان ئاشکرابوو کە یەکێک لەو سەربازانەبوو کە بەفیشەکی وی، هاورێکانی چێگڤارا و ئەوان کوژرابوون. چارەنووسی ئەو دیاریکرابوو، بەڵام ئەوانەی کە گرتبوویان دوودڵبوون .

چێگڤارا بۆ یەک سانیەش دوودڵی نیشان نەدا. دەمانچەکەی دەرهێنا و نای بەتەوقی سەریەوە. ئیتر ئەو بوو بوو بە سەرباز. ئەخلاقی دوکتۆری ئەو خرایە بوخچەوە. ئیتر یان دەبوو بکوژێت یان بکوژرێیت .

بەڵام ئەو لە کاتی شەڕەکەدا، یارمەتی سەربازە بریندارەکانی خۆیان و دوژمنیشی دەدا. ئیمکانی ئەو زۆر سنووردار بوو، چونکە ئەو دەرمان و پێداویستیەکانی عەمەلیاتکردنی لەلا نەبوو .

لەگەڵ (ڕەبوو)ەکەشیدا هەمیشە لە بەربەرکانێدا بوو. تارەدەیک ژمارەیەکی زۆر دەرزی ئەندریالینی پێبوو. کاتێک پێویستی بە ئەندریالین بوایە، هەر لەسەر جلەکانەوە دەرزیەکەی لەخۆی دەدا.

لە داوجاردا، پارتیزانەکان هەم شوێنیان ڕزگارکرد و هەمیش لایەنگریان بۆ پەیدابوو. ژمارەیەکی زۆر سەرباز هەڵدەهاتن. چێگڤارا لەلایەن فیدڵ کاسترۆوە کرا بە کۆماندانت ،(comandante) ئەستێرەکەی بە کڵاوەکەیەوە دووری. ئەو بەرپرسیاری سەربازی بوو لە کاتی شەڕە خوێناویەکەی شاری سانتاکلارا.

پاش ئەوە ئیدی جادە بەرە هاڤانا تەخت بوو. چێگڤارا بە ناو کۆمەڵانی خەڵکی تینوی سەرکەوتنی شارەکاندا، لە دەبابەیەکدا دانیشتبوو. جگەرەی دەکێشا و بۆشیی دەکۆکی. باتیستا، ڕای کردبوو، سەرکەوتن مسۆگەرببوو .

### ژنێکی گەنجی جوان

کاتێک چێگڤارا گەیشتە ناو هاڤانا، ژنێکی گەنجی جوانی لەگەڵدابوو. ئەوان نەیان دەشاردەوە کە تاچ ڕادەیەک هاورێی یەکترین .

ئەو ژنە ناوی (ئالیدیا مارچ) بوو، تەمەنی 22 ساڵ بوو. ژنێکی شۆڕشگێڕ بوو، چێگڤارا لە کاتی ڕزگارکردنی کوبادا ناسیبووی و، عاشقی ببوو.

ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە داوای جیابوونەوە لە هیلدا بکات، هەرواشی کرد کاتێک ئەو هات بۆ هاڤانا، چەند هەفتەیەک دوای ئەوەی کە هاڤانا ڕزگار کرابوو .

دایک و باوکی کە شەش ساڵ بوو نەیانبینبوو، هاتن بۆ فرۆکەخانە. یەکەمین پرسیار لێیان ئەوەبوو کە ئاخۆ کەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرجەنتین، تا وەکو دوکتۆر کار بکات.

ئەوان نەیان دەزانی کە ئەو گۆڕاوە. دایە سیلیا کوڕەکەی خۆی بینیەوە، ڕیش و قژێکی درێژ، جلی سەربازی لەبەردا، ئاخۆ دەبێت "تێتی"ە بچکۆلانەکەی

لە کوێ بێت؟

چێگڤارا و ئالیدا گواستیانەوە لای یەک لە هاڤانا. جێگای سەرنجە فیدڵ کاسترۆ، دوکتۆر چێگڤارای کرد بە سەرۆکی بانکی میللی و وەزیری پیشەسازی. بەڵام بۆ نەیکرد بە وەزیری تەندروستی؟

چێگڤارا، ئەو پارە نوێیانەی کە تازە چاپیان دەکرد، بە ناوی نازناوەکەیەوە che ئیمزا کرد. لە گۆڤاری " New England journal of Medicine "وتارێکی باڵکێش بە ناوی "چێگڤارا: ئەنتی قارەمان Che Guevara: the antihero " بڵاو کردەوە. ئەو وتارە لە ساڵی ١٩٦٩ دا نوسرابوو، لە جەرگەی شەڕی ڤێتنام و دوای داستانی–ماککارسی، لەمەڕ تێروانییەنکانیان بۆ کۆمۆنیستەکان. جێگڤارا هەم لە لایەن پارتی کۆمۆنیست و هەمیش لەم لاولاوە، گازندەی لێدەکرا، یەکێک لەهۆیەکان "ئیهمالی" ئەو بوو، کاتێک لەکاتی ئیمزاکردنی لەسەر ئەو پارە نوێیە تەنها "Che" نووسیبوو .

لەگەڵ هاوسەرەکەی، بەدوای یەکدا ئەم منداڵانەیان بوو: کچ ئەلیندا (١٩٦١)، کوڕ کامیلۆ(١٩٦٢)، کچ سیلیا (١٩٦٣) و کوڕ ئێرنیستۆ(١٩٦٥). ئەم ماوەیە بۆ ئەلیندا پڕبوو لە دەردی سەری، چونکە چێگڤارا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، سەفەرێکی زۆری کرد و لە وڵاتانی سۆسیالیستی لە هەموو دنیادا، زۆر مایەوە،.

## ڕەبووکەی چێگڤارا

ئەم نەخۆشییە لە تەمەنی سێ ساڵیەوە کە لە بوینۆس ئایرس بوو، هەتا دوا ساتەکانی ژیانی لە کۆڵی نەبووەوە. زیاتر لەو کاتانەی کە خۆی زەحمەت دەداو و لەوکاتەی فشاری زۆر بۆ بهاتایە، نەخۆشیەکە هێرشی بۆ دەهێنا. هەر بۆیە مرۆڤ بە ئاسانی لەوە تێدەگات کە ئەو زوو زوو دووچاری ئەو نەخۆشیە بووە. ئەو کەسەی یەکەم جار بیبینیایە لە کاتی تووشبوونەکەیدا، دەتۆقی. ئەو وەکو ئەوەی کە بخنکێت و دوا هەناسەکانی بدات، هەناسە سواری و کۆکە کۆکێکی یەکجار زۆری دەکرد.

چێگڤارا زۆر ئارامانە دەرزیەکی دەردەهێنا و پاش کەمێک دوای ئەوە باشتر دەبوو.

لە سەرەتای ١٩٥٠ دا، شتێکی تر دۆزرایەوە .

ئەوەش یەکەمین جار بوو کە پێیان دەوت (نیبولیساتۆرن)، (جیهازێک بوو کە مرۆڤ دەیتوانی دەرمانێکی پێ هەڵمژێ)، ئەویش دەرمانێکی لە خۆدەگرت کە پێیان دەوت ئیسئوپریل، وەکو تەواوکەرێک لە کاتی هاتنی ڕەبوویەکی لاواز.

وا پێدەچێت کە چێگڤارا کاتێکیش لەناو دارستانەکاندا دەژیا، هەمیشە دەرمانەکانی پەیدا کردبێت.

لە هەندێک وێنەدا چیگڤارا (کەمێک وەزنی چۆتە سەرەوە و، دەموچاوی ئاوساوە) کە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کە هەندێک جار دەرمانی گونجاو: کۆرتیسۆنی،بەکاردەهێنا .

لەمانگی یونی ٢٠٠١ دا بۆ چەند ڕۆژێک لە هاڤانا، کوبا، کۆنفرانسێک لەسەر ڕەبوو بەسترا. بەشێکی کۆنفرانسەکە بۆ نەخۆشیەکەی چێگڤارا تەرخانکرا . ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی کۆنفرانسەکەی کرد، کچەکەی چێگڤارا، ئەلیدا چێگڤارا بوو، کە دوکتۆری منداڵان و شارەزای حەساسیەت(ئەلەرگی)یە لە خەستەخانەی"ویلیام سۆلێر" لە هاڤانا. ئێمە هەم بە تەلفون و هەم بە ئیمەیل پەیوەندیمان لەگەڵ کربوو و قسەمان کردبوو، کەسێکە کە توانای زانیاریدانی یەکجار بەرفراوانە، ئەگەرچی ئەو تەنها تەمەنی شەش ساڵان بووە کە باوکی کوژراوە .

## ڕۆحێکی بێقەراری هەمیشەیی

لە ساڵی ١٩٦٥ دا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر چێگڤارا، بزربوو. دیوارێک لەبەینی ئەو و فیدڵ کاسترۆدا، دروستببوو بوو، ئەو "هاوڵاتیی شەرەف"ەی کە لە کوبا پێیاندابوو، ڕەتکردەوە. لە پرێگدا وەکو ئەوەی هەڵیانلووشیبێ، بزربوو. تەنانەت ژنەکەشی نەیدەزانی لەکوێیە. بەڵام ژنەکەی ڕاهاتبوو، چونکە چێگڤارا هەمیشە لە سەفەردا بوو .

چێگڤارا بەرەو وڵاتی کۆنگۆ، ملی ڕێگای گرتبوو، بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕەکاندا بکات. هەروەک دەزانرێت شەڕێکی تەڤلەهەڤ بوو، گەلێک لایەن بەشداربوون تێیدا. ئەم کردەوەیەی بە تەواوەتی شکستی خوارد.

پاشان گەڕایەوە بۆ کوبا، بەڵام هەر زوو خەیاڵی بۆ لای وڵاتێکی تر چوو کە پێی وابووە دەتوانێت شتێک بەشتێک بکات، ئەویش بۆلیڤیا بوو! ئەو وڵاتەی کە هەژاران و برسێتی و ناخۆشی لێ بینیبوو .

ئیتر لێرەدا دەبێت مرۆڤ بە گومانەوە چاو لە هەڵسەنگاندنەکانی چیگڤارا، بکات. ئەو بە پاسپۆرتێکی تەزویر کراو، ڕیشی بۆ تاشیبوو، بە جلی بازرگانییەوە، سەفەری کرد.

لە بۆلیڤیا، گروپێکی بچوک سەرباز، پەیوەندیان پێوەکرد. هەر لە سەرتاوە "چالاکیەکە"،دیاربوو کە سەرناگرێت. ئەوە کوبایەکی نوێ نەبوو، کە لە

پێشوازیاندا بوو. دەبوو لەبەرانبەر سوپایەکی بەوەفا، شەڕیان بکردایە، لەناو دارستانەکاندا، لە وڵاتێک کە بە شەوقەوە هاواریان بۆ ڕزگاری نەدەکرد، وەکو خەڵکی کوبا.

جارێکی تریش لە یاری شەترنجدا، دۆراندن. سەربازەکان یەکجار، کەم بوون. لە ۹ ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹٦۷ دا، چێگڤارا، کشوماتی پێکرا.

## دواوتە

ئەوەی کە وتبویان لاشەی ئێرنیستۆ "چێ" گێڤارا، سوتێنراوە و کراوەتە خۆڵەمێش، درۆ بوو. بەڵام پرسیارەکە ئەوە بوو ئەی لە کوێ شاردبوویانەوە؟

لە ساڵی ۱۹۹٥ دا، یەکێک لەو سەربازانەی کە لە ساڵی ۱۹٦۷ دا، ئامادەبوو، ڕایگەیاند کە چێگڤارا لە نزیک فرۆکەخانە بچکۆلەکە نێژدراوە. مرۆڤناس و زەویناسانی کوبایی بەپەلە خۆیان گەیاندە ئەو شوێنە. ئەوان پاشماوەی لاشەی پێنج کەسیان دۆزییەوە. بەڵام هیچ کام لە پاشماوەی لاشەکان هی چێگڤارا دەرنەچوون.

لە ۲۳ ئاپریلی ۱۹۹۷ دا، کچەکەی چێگڤارا، نامەیەکی چاوەڕواننەکراوی پێگەیشت، کە لە لایەن کوباییەکی تاروگەنشین لە فلۆریدا، گوستاڤۆ ڤالۆلدۆ، نێردرابوو. ئەم پیاوە بەماوەیەکی کەم دوای شۆڕش، جێگاگۆڕکێ دەکات و دەچێت بۆ ئەمریکا، لەوێ دەبێت بە سیخوڕی (CIA).

ڤالۆلدۆ لە گەلێک وڵات بەدوای چێگڤارا دا گەڕابوو: لە کۆنگۆ، کۆماری دۆمۆنیکا و لەدواجاریشدا لە بۆلیڤیا. ئەو بۆ خۆی لە ڤالاگراندا دەبێت، کاتێک بە هەلیکۆپتەر جەنازەکەی چێگڤارا دەهێنن. ئەو دەیزانی کە ئەو دوکتۆرەی جەنازەکەی چێگڤارای تەشریح کرد بوو، فەرمانی پێدرابوو کە هەردوو دەستی ببڕێتەوە. دەستەکان، کە بە قسەی پیاوکوژەکانی ئەو "ئەو کارە چەپەڵەیان" ئەنجامدا. پاشان ڤالۆلدۆ و هاوپیشەکانی، چێگڤارا و دوو سەربازی تر، بە بیلدۆزەر و چاڵهەڵکەن، دەکەن بەژێر گڵەوە، لەنزیک فرۆکەخانەکەوە، تەنها چەند شەقاوێک لەنزیک ئەو جێگایەی کە ساڵی ۱۹۹٥ بەدوایدا گەڕابوون.

لەگەڵ ئەوەی کە ئەو ڕقێکی زۆری لە وڵاتە کۆنەکەی خۆی (کوبا)یە، ڤالۆلدۆ، ئەو نهێنیەی وەکو بارێکی قورس لەسەر شانی خۆی دەبینی. ئەو پێی وابوو کە کەسوکاری چێگڤارا، هەقی ئەوەیان هەیە کە بزانن لاشەکەی چێگڤارا لە کوێیە، بۆیە ئەو نامەیەک پاش ۳۰ ساڵ، نووسی. ئەمە وایکرد کە جارێکی تریش بچن بەدوای پاشماوەی لاشەکەیدا بگەڕێن، ئەوان قەبرێکیان دۆزییەوە کە ۷ کەسی تێدا نێژرابوو، کە جێگای باوەڕی ڤالۆلدۆ نەبوو. "من سێ کەسم ناشتووە، کەچی ئەوان ۷ لاشەیان دۆزیوەتەوە". یەکێک لە لاشەکان ئێسقانی دەستەکانی پێوە نەبوو. پاشان ئەوان، دانەکانیان فەحس کرد و بەراوردیان کرد لەگەڵ وێنەی دانەکانی چێگڤارا کە لە کوبا بوون. بەو شێوەیە شتەکە کۆتایی پێهات. بە بەڵگەوە لاشەکەی چێگڤارایان دۆزییەوە.

لە مەراسمێکی شکۆداردا، لاشەکەیان بردەوە بۆ کوبا. لە شاری سانتا کلارا، کە چێگڤارا، سەرکەوتنی گەورەی تێدا تۆمارکرد، لە ژێر هەیکەلێکی گەورەدا، ئارامی گرتووە.

تێبینی. ئەم وتارە لە گۆڤاری (هەنگاو) ی ژمارە ٦ زستانی ۲۰۰۳ دا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام بە داخەوە هەندێک هەڵەی تێ کەوتبوو، کە ئێستا هەوڵی ڕاستکردنەوەیانم داوە، ئەوە سەرڕایی ئەوەی کە لەوێدا نوسراوە لە فەرەنسییەوە وەرمگێڕاوە، ڕاستییەکەی ئەم وتارە لە سوێدییەوە کرادومەتە کوردی.

سەرچاوە:

Magnus Carlson, 2002, Från mjälbrand till Che Guevara, s. 137-159
-nedslag i medicinhistorien.
Natur och kultur/LTs F□rlag

سەرچاوەی وێنە:

www.chelives.com